مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

# طقوس وأساليب دفن الموتى في إقليم كوردستان خلال العصور الحجرية

**يوسف باقى عبدالقادر**
yousif.abdulqadr@uoh.edu.iq
**قسم التاريخ، كلية العلوم الإنسانية، جامعة حلبجة، حلبجة، إقليم كردستان، العراق**

**أ.م..د. اردلان خؤشناو**
khwshnaw.ardalan@gmail.com
**قسم الآثار، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، إقليم كردستان، العراق**

**أ.م.د. عبدالله بكر عثمان**
abdullah.othman@su.edu.krd
**قسم الآثار، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، إقليم كردستان، العراق**

**الكلمات المفتاحية**: القبر، الدفن، الميت، الطقوس، الهيكل عظمى.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالقادر , يوسف باقى , اردلان خؤشناو , عبدالله بكر عثمان , طقوس وأساليب دفن الموتى في إقليم كوردستان خلال العصور الحجرية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# Mortuary Practices and Funerary Rituals in the Kurdistan Region during the Stone Ages

**Yousif baqi abdulqadir**
**Department of History, Faculty of Humanities, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region, Iraq**

**Dr.Ardalan Khwshnaw**
**Department of Archaeology, Faculty of Arts, Salahaddin University, Kurdistan Region, Iraq**

**Dr.Abdulla bakr othman**
**Department of Archaeology, Faculty of Arts, Salahaddin University, Kurdistan Region, Iraq**

**Keywords** : Grave, Burial, Dead, Ceremony, Skeleton.

**How To Cite This Article**
Abdulqadir , Yousif baqi , Ardalan Khwshnaw ,Abdulla bakr Othman , Mortuary Practices and Funerary Rituals in the Kurdistan Region during the Stone Ages ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**
This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

The study of burial practices during the Stone Ages in the Kurdistan Region (Northern Iraq) provides a gateway to understanding the early human beliefs and cultures in that area. The Stone Age, characterized by the use of stone tools, witnessed the development of human societies that dealt with death in distinct ways.

The most significant evidence has been obtained from archaeological caves like Shanidar, where remains of Neanderthal and early modern humans have been discovered. These findings point to several key characteristics, such as the burial of organized graves and the placement of specific artifacts with the deceased, including stone tools, animal bones, or seashells. This indicates that

burial was not merely an attempt to dispose of the body, but rather a conscious act connected to reverence and religious beliefs.

The discovery of artifacts within the graves, particularly daily life tools, shows that the inhabitants of that era believed the deceased would need these items in an afterlife. This is one of the earliest pieces of evidence for religious belief and an afterlife among early humans. Furthermore, the presence of flower and other plant remains around the skeletons in Shanidar Cave, known as the Shanidar Flowers, strengthens the possibility of burial rituals involving flowers or fragrant plants. This also indicates the existence of burial rituals, with the manner of placing the deceased's body in the grave, often on its side or in a flexed position, showing the presence of religious or cultural evidence.

Burial practices in the Stone Ages of the Kurdistan Region do not just tell the story of death and burial; they shed light on the development of thought, culture, and social aspects of early humans in the past of the Kurdistan Region, which is considered the beginning of one of the oldest civilizations in the world

**الملخص:**

تعد دراسة أساليب الدفن في العصور الحجرية في إقليم كوردستان (شمال العراق) مدخلا لفهم المعتقدات والثقافات البدائية للإنسان في تلك المنطقة، إن العصر الحجري، الذي تميز باستخدام الأدوات الحجرية، شهد تطور المجتمعات البشرية التي تعاملت مع الموتى والدفن بطرق مختلفة، وقد تم الحصول على أهم الأدلة من الكهوف الأثرية مثل كهف شانيدار، حيث عثر فيه على بقايا إنسان النياندرتال والإنسان الحديث المبكر.

تشير هذه الاكتشافات إلى عدة خصائص رئيسية، مثل الدفن المنظم في القبور ووضع المقتنيات الخاصة مع الميت، مما يدل على أن الدفن لم يكن مجرد محاولة للتخلص من الجسد، بل كان فعلا واعيا مرتبطا بالاحترام والمعتقدات الدينية، إن العثور على الأدوات داخل القبور، وخاصة أدوات الحياة اليومية، يظهر أن سكان ذلك العصر كانوا يؤمنون بأن الميت سيحتاج إليها في الحياة الآخرة، وهذا يعد من أوائل الأدلة على المعتقد الديني والحياة بعد الموت لدى الإنسان البدائي، كما أن وجود بقايا الزهور والنباتات الأخرى حول الهياكل العظمية في كهف شانيدار، والمعروفة بالزهور شانيدار، يعزز فرضية إقامة مراسم دفن باستخدام الزهور أو النباتات العطرية، وهذا يشير إلى وجود طقوس جنائزية، حيث كان يتم وضع جسد الميت في القبر غالبا على جانبه أو بوضعية القرفصاء (المنحنية)، مما يعكس وجود أدلة دينية أو ثقافية، إن أساليب الدفن في العصور الحجرية في إقليم كوردستان لا تروي قصة الموت والدفن فحسب، بل تسلط



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

الضوء أيضا على التطور الفكري والثقافي والاجتماعي للإنسان البدائي في ماضي الإقليم كردستان، الذي يعد بداية لواحدة من أقدم الحضارات في العالم.

## ڕێوڕەسم و شێوازی مردوو ناشتن لەهەرێمی کوردستان لەچاخە بەردینەکان

**یوسف باقی عبدالقادر**

**بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عیراق**

**پ.ی.د. اردلان خۆشناو**

**مامۆستا لە بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەرێمی کوردستان، عیراق**

**پ.ی.د. عبدالله بکر عثمان**

**مامۆستا لە بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەرێمی کوردستان، عیراق**

**پوختە:**

لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی ناشتن لە چاخە بەردینەکاندا لە هەرێمی کوردستان (باکووری عێراق) دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە بیروباوەڕ و کلتووره سەرەتاییەکانی مرۆڤ لەو ناوچەیەدا، چاخی بەردین، کەبە بەکارهێنانی ئامرازە بەردینەکان تایبەتمەندە، گەواهی گەشەسەندنی کۆمەڵگا مرۆییەکان بووە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ مردوو ناشتندا کردووە، گرنگترین بەڵگەکان لە ئەشکەوتە شوێنەوارییەکانی وەک شانەدەر دەستکەوتوون، پاشماوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ و مرۆڤی مۆدێرنی سەرەتایی تێدا دۆزراوەتەوە، ئەم دۆزینەوانە ئاماژە بە چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی دەدەن، وەك ناشتنی گۆڕی ڕێکخراو و دانانی کەلوپەلی تایبەت لەگەڵ مردووەکەدا نیشانەی ئەوەیە مردوو ناشتن تەنها هەوڵێك نەبووە بۆ ڕزگاربوون لە جەستە، بەڵکو کردەیەکی هۆشیارانە بووە کە پەیوەندی بە ڕێزگرتن و باوەڕە ئاینیەکانەوە هەبووە، دۆزینەوەی کەلوپەلەکان لەناو گۆڕەکاندا، بەتایبەتی ئامێرەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئەوە پیشان دەدات دانیشتوانی ئەو سەردەمە پێیانوابووە مردووەکە لە ژیانی دوای مردندا پێویستی پێیان دەبێت، ئەمە یەکێکە لە یەکەمین بەڵگەکانی باوەڕی ئایینی و ژیانی دوای مردن لە مرۆڤە سەرەتاییەکاندا، وە بوونی پاشماوەی گوڵ و ڕووەکی دیکە لە دەوری ئێسکەپەیکەرەکان لە ئەشکەوتی شانەدەر، کە ناسراوە بە گوڵەکانی شانەدەر، ئەگەری ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ناشتن بە گوڵ یان ڕووەکی بۆندار

بەهێزتر دەکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی ڕێوڕەسمی ناشتن، کە شێوازی دانانی جەستەی مردووەکە لە گۆڕەکەیدا زۆرجار لەسەر لا یان بەشێوەی چەماوە دانراوە، ئەمەش بوونی بەڵگەی ئایینی یان کولتووری نیشاندەدات، شێوازەکانی ناشتن لە چاخە بەردینەکان لە هەرێمی کوردستان تەنها چیرۆکی مردن و ناشتن ناگێڕنەوە، بەڵکو ڕووناکییەک دەخەنە سەر گەشەسەندنی بیرو کولتوور وکۆمەڵایەتی مرۆڤە سەرەتاییەکان لە ڕابردووی هەرێمی کوردستان کە بە سەرەتای یەکێك لە کۆنترین شارستەنیەتەکان دادەنرێت لەجیهاندا.

**کلیلە وشەکان:** گۆڕ، ناشتن، مردوو، ڕێوڕەسم، ئێسکەپەیکەر.

**پێشەکی:**

مردن بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، شێوازەکانی ناشتن گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بەپێی کات و کولتوور، کوردستانی باشور، ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە مێژوو و شوێنەوار، لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی ناشتن لە چاخە بەردینەکاندا زانیاری گرنگمان پێدەبەخشێت لەبارەی ژیان و بیروباوەڕی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە.

چاخە بەردینەکان هەزاران ساڵ لەمەو پێش دەستیان پێکردووە، قۆناغێکی سەرەتاییان لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی پێکهێناوە، لەو سەردەمەدا مرۆڤەکان بۆ مانەوەو بەردەوامی لە ژیان پشتیان بە کەرەستە بەردینەکان بەستووە بۆ دروستکردنی چەک و ئامێرو کەرەستە وپێداویستی ڕۆژانەیان، لە هەرێمی کوردستان شوێنەوارە دۆزراوەکان لە ئەشکەوتەکان و گردە شوێنەوارییەکان، بەڵگە لەسەر بوونی کۆمەڵگا مرۆییەکان لەو سەردەمەدا دەخەنەڕوو.

شێوازەکانی ناشتن لە چاخە بەردینەکاندا لە کوردستان جۆراوجۆر بوون و بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، زۆربەی کات ناشتنی بە کۆمەڵ ئەنجامدراوە کەچەند کەس لەگۆڕێکدا نێژراون، وەك ئەشکەوتی شانەدەر و گوندی زاوی چەمی، وەسەرەڕای ئەوش گۆری تاکەکەسی دۆزراونەتەوە، کە مردووەکە بە تەنیا لە گۆڕێکدا نێژراوە، وەك نیشنگەکانی چاخی بەردینی نوێ و گردە شوێنەوارییەکان، وە زۆر جار جەستەی منداڵان بەشێوەی چەماوە لەناو گۆزەدا دەنێژران وەك ئەوەی لەناوسکی دایکیاندابن، ئەم جۆرە ناشتنە بۆسەردەمی چاخی بەردینی نوێ و دوای داهێنانی گڵێنەسازی دەگەڕێتەوە، وەك لە شوێنەوارەکانی حەسونەو سامەڕا و تەپەگەورەدا دەردەکەوێت، وە یەکێک لە گرنگترین شوێنەوارەکان کە زانیاری گرنگ لەبارەی ناشتن لە چاخی بەردین پێشکەش دەکات، ئەشکەوتی شانەدەرە، کەپاشماوەی چەندین مرۆڤی نیاندەرتاڵ دۆزراوەتەوە، وادەردەکەوێت ناشتن بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجامدراوە، دۆزینەوەی چەند جۆرێك لەتووی گوڵ لە دەوری ئێسکەپەیکەرەکاندا لە شانەدەرگریمانەی ئەوەی دروست کردووە نیاندەرتاڵەکان ڕێوڕەسمی ناشتنیان ئەنجامداوە و گرنگییان بە ژیانی دوای مردن داوە، هەر بۆیە گرنگی لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی ناشتن لە چاخە بەردینەکان لە هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئایینی و کلتوورییەکانی ئەو سەردەمە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

**گرنگی توێژینەوە:** لێکۆڵینەوە لە شێوازو ڕێو ڕەسمی ناشتن، زانیاری گرنگ لەسەر ژیان و مردن و ژیانی دوای مردن دەخاتە بەردەست، وە دروستکردنی گۆڕە جیاوازەکان و قەبارەو شێوازەکەیان زانیاری لەسەر بیرو باوەڕی ئاینی پیشان دەدەن.
**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەکار هێنراوە، پاش کۆکردنەوەیان، شیکاری بۆزانیاریەکان ئەنجامدراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی زانیاری لە سەر شێوازی ناشتن و جۆرو شێوەی گۆڕەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەردەمی چاخەبەردینەکان دەخاتە ڕوو.

### ١ـجۆرو شێوازی مردوو ناشتن لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆن (Paleolithic) :

هەڵکۆڵین و دۆزینەوە شوێنەوارییەکان چەندین شوێن و بەڵگەی گرنگی زانستیان لەسەر شێوازی ژیانی چاخی بەردینی کۆن پیشانداوە، سەرهەڵدانی مرۆڤ و ژیانی سەرەتایی لە چاخی بەردینی کۆندا بەشێوەیەك بووە کە شوێنی نیشتەجێبوونیان ئەشکەوتەکان و حەشارگە وپەنابەردەکان بووە کەتوانیویانە لەو شوێنانەدا پارێزگاری لە خۆیان بکەن لە بەرامبەر سەرما و گەرما و ئاژەڵە دڕندەکان، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ لە چاخی بەردینی کۆن بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ پەیداکردنی خۆراکی خۆی پشتی بە ڕاوکردنی ئاژەڵ و کۆکردنەوەی میوە و ڕووەکی سرشتی بەستووە بە شێوەی خێڵەکی ژیاون و بەدوای سەرچاوەکانی خۆراکدا دەگەڕان و سودیان لەو ئامێرو کەرەستە سادانە بەستووە کە خۆیان لە بەرد و ئێسك دروستیان کردوون، وەک چەقۆی بەردین و نوکی ڕم و تەوری بەردین،

لەسەر هونەر و بیروباوەڕی ئەوسەردەمە هەرچەندە زانیارییەکان کەمن، بەڵام بەپێی بەڵگە شوێنەوارییەکان مرۆڤی ئەو سەردەمە خاوەنی جۆرێک لە بیروباوەڕ و هونەر بووە، وەک دۆزینەوەی پاشماوەی ئەو ئێسکە پەیکەرانەی لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراونەتەوە، هەرێمی کوردستانی عیراق بەهۆی پێگەی جوگرافی وهەبوونی ئەشکەوت و شوێنی سروشتی گونجاوی، یەکێک بووە لەو ناوچانەی کە مرۆڤی سەرەتایی تێیدا نیشتەجێ بووە، لەبەرئەوەی چاخی بەردینی کۆن ،ماوەیەکی زۆری خایاندووەو بەشێکی دورو درێژی ژیانی ئادەمیزادی داگیر کردووە، هەر لەبەر درێژی ماوەکەی و گۆڕانکارییە زۆرەکان تێیدا دابەش دەکرێت بۆ سێ سەردەمی دیکە و شێوازی مردوو ناشتنیش گۆرانکاری بەسەردا هاتووە.

### ١-١چاخی بەردینی کۆنی خواروو (Lower Paleolithic):

بەپێی ڵگەی بەدەست هاتوو، شوێنەواری بەردە بەلکە مێژووەکەی بۆئەم چاخە دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ بەدووری ٤کم، وە بەنزیکەی ٢٠کم لە باشوری سلێمانیدایە، بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە نزیکەی ٨٠٠ مەترە(١)، ئەم شوێنە بە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبونی مرۆڤ دادەنرێ لە کوردستانی باشور و مێژووەکەی بۆ (١٢٠٠٠٠پ.ز) دەگەڕێتەوە، کەلوپەلی بەردینی وەك پاچی دەستی و بەردە ئەستێ و شەویگەو ددان و ئێسکی ئاژەڵی تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ جۆرە ئێسکێکی مرۆڤ لەم شوێنە تائێستا نەدۆزراوەتەوە، لەبەر هیچ زانیارییێك لەسەر شێوازەکانی ناشتن لەو سەردەمە لەبەردەستدا نیە، کە ئایا مرۆڤەکەکان لەو سەردەمەدا ناشتن و ڕێوڕەسمی مردووەکانیان ئەنجامدابێت، کەئەمەش پێویستی بە هەڵکەندن و دۆزینەوەی زانستی نوێ هەیە لە کوردستاندا تا بتوانێ ئەم لایەنە شاراوە زیاتر ڕونبکاتەوە (٢).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

**١-٢ چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست (Middle palaeolithic):**

مرۆڤ بۆ یەکەم جار، لە چاخە بەردینەکاندا لە ناوچە شاخاویەکان و ئەشکەوتەکان و بن بەردەکانی وەك پەناگە بەکار هێناوەو تیایاندا دا ژیاوە، کردوونی بە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، بێگومان لەکوردستان و عێراقیش سەرەتای دەست پێکردنی ژیانی مرۆڤ لەشکەوتەکاندا بووە لە باشوری کوردستانی عیراق (هەرێمی کوردستان)، هەرکات بمانەوێت بۆ یەکەم جار باس لە جۆرو شێوازی ژیان و ناشتی مردوو بکەین، ئەوا پێویستە سەرەتا لە ئەشکەوتەوە دەست پێبکەین، کە لەچاخی بەردینی کۆنەوە دەست پێدەکات، وە بێگومان هەرێمی کوردستانیش چەندین ئەشکەوتی گرنگ و بەناو بانگی تێدایە کە مرۆڤ لە چاخە کۆنەکاندا تێیاندا ژیاوە، شوێنەواری بوونی مرۆڤ و ئێسکە پەیکەرو کەلەسەرەکانی لە ئەشکەوتەکانی شانیدار و هەزارمێرد دۆزراونەتەوە لەگەڵ ئەو ئامێرو ئامرازە بەردینانەی کە بۆ پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی بەکاری هێناون(٣).

**ئەشکەوتی شانەدەر:** یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین ئەشکەوتەکانی کوردستان کە دەکەوێتە ناوچەی چیاکانی برادۆست لەنزیك ناحیەی شانەدەر بە دووری ١،٥کم(٤)، نزیکەی ٢کم لە زێی گەورەوە دوور و ٧٦٥م، وە بەرزە لە ئاستی روی دەریاوە، لە پارێزگای هەولێر دوورە، شێوە هەڵکەوتەکەی لە دەروازەکەیدا سێگۆشەییە و پانیەکەی نزیکەی ٢٥مەترە و بەرزیی دەروازەکە نزیکەی ٨ مەترە (وێنەی ژمارە١).

لەناوەوەی ئەشکەوتەکەدا، پانییەکەی زیاد دەکات بۆ نزیکەی ٥٣ مەتر، وە لە بەشی دواوەی ئەشکەوتەکەدا، پانییەکەی کەم دەبێتەوە بۆ نزیکەی ٤٠ مەتر، بنمیچ(سەقف)ە کەی شێوەی گومەزی هەیە و لە ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەدا بەرزییەکەی ١٣،٧٠م، کە لەوشوێنەدا کەلێنێك هەیە وەك ئەوەی بەردێکی لێبەربوبێتەوە، درێژیی ئەشکەوتەکە لە دەروازەکەیەوە تا بەشی دواوەی ٤٠م، هەر بۆیە بە یەکێک لە گەورەترین ئەشکەوتەکانی کوردستان دادەنرێت(٥)، وەبە کۆنترین پەناگە و شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ دادەنرێت لە چاخی بەردینی کۆنی سەرو(٦)، سەبارەت بە ئەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان، کەبونەتە زانیاری سەرەکی لەسەر ئەشکەوتە، کە بۆ یەکەم جارلە لایەن (ڕالف سولکی و رۆزا سولکی خێزانی) هاوکارەکانیان لە زانکۆی میشیگانی ئەمریکی هەڵکۆڵینی تێدا کراوە لە ساڵانی (١٩٥١-١٩٦١) هەڵکۆلینەکە بۆماوەی ١٠ساڵی خایاندووە بەم شێوەیە کە چوار وەرزی هەڵکۆڵین بوە بە شێوەیە، (١٩٥١، ١٩٥٣،١٩٥٦-١٩٥٧ و١٩٦٠) (٧)، لە ماوەی ئەو هەڵکۆڵینەدا لە ناو ئەشکەوتەکەدا چوار چینی شوێنەواری




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دۆزرانەوە کە پۆلێن کراون بە (A-B-C-D) ئەم چینانە بەشێوەی نیشتەجێبوونی یەک لە دوای یەک(٨)، بەم شێوەیە چینی (یەکەم A) کە بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە، بەڵام چینی (دووەم B) دابەشدەکرێت بۆدوو چینی ناوەندی(B1) ئەو ئامرازانەی تێدا دۆزراوەتەوە کە وەك سەردەمێکی گوازرەوەن و بۆ هاوشێوەی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە، (B2) بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، چینی (سێیەم C) بۆ سەردەمی هاوشێوەی ئامێرو کەرەستەی چاخی بەردینی کۆنی سەرو(**Upper Paleolithic**)، دەگەڕێتەوە، بەهۆی بوونی ئامرازو کەرەستەی تایبەت (اورگنیشی) کە بە شارستانی برادۆستیش ناودەبرێت، بەهۆی ئەوەی کە ئەشکەوتی شانەدەر لە ناوچەی شاخاوی برادۆست هەڵکەوتووە، سەبارەت بەچینی (چوارەم D) بۆ چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست (**Middle Paleolithic**)، دەگەڕێتەوە بەهۆی بوونی ئامرازی سەردەمی(موستیری) تێدا دۆزراوەتەوە(٩)، وە لە گرنگترین چینە شوێنەواریە دۆزراوەکان لە ئەشکەوتەکاندا، وەك لە هەڵکۆڵینەکانی ئەشکەوتی شانیدار(١٠) ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە تەمەنی جیاواز و لە بارودۆخی جیاوازی پاراستن ومانەوەدا پارێزراون(١٠)، نمونەی مرۆڤەکانی شانیدارپێکهاتوون لە ئێسکە پەیکەری حەوت کەسی پێگەیشتوو، بەم شێوەیە (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ و ٨) وە دوانیان تەمەنیان منداڵ بوون (٧،٩) وە یەکێك لەمنداڵەکان تەمەنی شە ش مانگ بووە و لە هەڵکۆڵینی وەرزی ١٩٥٣وەك یەکەم ئێسکە پەیکەری شانەدەر دۆزرایەوە و منداڵەکەی تریش لە ساڵی ١٩٦٠ دۆزرایەوە(١١)، کە پێدەچێت سێ لەو کەسانە بەهۆی کارەساتی سروشتی و کەوتنەخوارەوەی بەرد لەناو ئەشکەوتەکەدا گیانیان لەدەست دابێت، سەبارەت بە ئێسکە پەیکەری دەیەم هەر لەناو ئەشکەوتەکەدا دۆزرایەوە وادادەنرێت لە لەکۆتا سەردەمی سەهۆڵیدا ولە نێوان (٦٠٠٠٠-٣٥٠٠٠پ.ز)بوبێت، ئەم ئێسکە پەیکەرانە بەپێی ڕێوڕەسمێک لە ناو ئەشکەوتەکەدا بەخاک سپێردراون کەئەمەش پراکتیزە کردنی ڕاستەقینەی ناشتنی مردووەکان لە عیراقی کۆندا پیشاندەدات(١٢)، سەبارەت بە دانانی ژمارە لەسەر ئێسکە پەیکەرەکان بەمەبەستی ناسینەوەو کار لەسەرکردنیان، لە ساڵی ١٩٥٣دا بەشێك لە ئێسکەپەیکەری منداڵێك دۆزرایەوە کە لەسەرەتادا هیچ ژمارە و هێمایەکی بۆ دانەنرا، بەڵام لەوەرزی ساڵی ١٩٥٧ سێ لە ئێسکەپەیکەری دیکە دۆزرانەوە کە ژمارەی شانەدەر ١، شانەدەر ٢، شانەدەر ٣ یان بۆ دانرا، وە لە هەڵکۆڵینی ساڵی ١٩٦٠ ئێسکە پەیکەری شانەدەر٤، شانەدەر ٥، شانەدەر٦، وە لەگەڵ ئەوەشدا ستیوارت (Stewart) توانی لەتاقیگەدا ئێسکە پەیکەرێکی دیکە بناسێتەوە، کە ناوی لێنرا شانیدر ٧، وە لەگەڵ ئێسکە پەیکەری شانیدار ٤ و ٦دا ئێسکە پەیکەری منداڵێکی بچووك، تەمەنی (شیرە خۆر)ە، دۆزرایەوە کە ناوی لێنرا شاندەر

٨، بەم شێوەیە ئێسکەپەیکەرەکانی شانیدەر ١-٨ جێگیر کران، ئێسکە پەیکەری ئەو منداڵەی لە ساڵی ١٩٥٣دا دۆزرایەوە ژمارە شانیدار ٩ی بۆ دانرا، بەم شێوەیە ژمارەی ئێسکە پەیکەرەکان دیاری کران کە لەسەرجەم لێکۆڵینەوەکاندا وەك بنەمایەکی سەرەکی پشتی پێدەبەسترێت (وێنەی ژمارە ٢/أ-ب)(١٣)، وە ئێسکە پەیکەری ژمارە ٣ لە وەرزی ١٩٥٧ لەکاتی پاك کردنەوەی چاڵێکی هەڵکۆڵین پێش ئێسکە پەیکەری(٢،١) دۆزرایەوە(١٤)، وا دادەنرێت ٣ لەو کەسانە بەهۆی کارەساتی سروشتی و کەوتنەخوارەوەی بەرد لەناو ئەشکەوتەکەدا گیانیان لەدەست دابێت، کە شوێنەواری کەوتنە خوارەوەی بەرد لە ناوەراستی میچی ئەشکەوتەکەدا هەستی پێدەکرێت، ئەوانی دیکە بە ڕێورەسمی ناشتنی فەرمی نێژراون، ٣ ئێسکەپەیکەریان نزیکەی ١٥ مەتردووری لە دەمی ئەشکەوتەکە و لە قووڵایی نزیکەی ٧,٥ مەتر لە ژێر زەوی ئەشکەوتەکە دۆزرانەوە، بە نزیکەی ٩٠ سم لە باکوورەوە بۆ باشوور و ١٥٠ سم لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دانرابوون و بە بەرد داپۆشرابوون(١٥)، سەبارەت بە ئێسکە پەیکەری دەیەم هەر لەناو ئەشکەوتەکەدا لەساڵی ٢٠٠٦ دۆزرایەوە، وا دادەنرێت بۆ کۆتا سەردەمی سەهۆڵی بگەرێتەوە(٦٠٠٠٠-٣٥٠٠٠پ.ز)(١٦)، کەلەسەری یەکێك لە ئێسکە پەیکەرەکان پیاوێکی تەمەن ٣٥ساڵە و درێژی باڵای ١٨٥سم، کەمتر تێك چووە دەتوانرێت بە ئاسانتر بناسرێتەوە تا نەژادەکەی دیاری بکرێت، کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ بووە(١٧)، وەك ئەوەی چەناگەو شەویلگەکانی پان و ئەستورو ئێسقانەکانی گەورەن وهێڵکاری ناوچاوانی لێژو تایبەتن بەنەژادی نیاندەرتاڵ لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەو ڕایەن کە تەمەنی سێ لەو ئێسکەپەیکەرانە دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی ٤٥٠٠٠ پ.ز، یەکێکی دیکەیان لە چاڵێکی تر وتەمەنی بۆ نزیکەی ٦٥٠٠٠پ.ز. دەگەڕێتەوە(١٨).

بەپێی هەڵکۆڵینەکان مێژووی ئەشکەوتی شانەدەر چینی D بۆچاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست سەردەمی پلاستوسین٨٠٠٠٠-٤٠٠٠٠پ.ز، دەگەڕێتەوە(١٩)، ئەو شێوازی ناشتنەیشی تیایدا دۆزرایەوە وەك سەرەتای ناشتن بوو، کە مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە گرنگیان بە ناشتنی مردووەکانیان داوە وبەپێی ڕێورەسمێک لە ناو ئەشکەوتەکەدا لەژێر زەویدا بەخاک سپێردراون کەئەمەش پراکتیزە کردنی ڕاستەقینەی ناشتنی مردووەکان لە میسۆپۆتامیای کۆندا پیشاندەدات(٢٠)، مرۆڤی نیاندرتاڵ مردووەکانی خۆیان بەشێوەی ناشتنی تاك ناشتووە بەشێوە جۆراو جۆر، کەزیاتریان بەشێوەی چەمانەوە نێژراون وەك لە ئەشکەوتی شانەدەرو فەرەنساو فەلەستین دەرکەوتووە، ئەم شێوازەی ناشتنی مرۆڤی نیاندەرتاڵ بیروبۆچونی جیاوازی توێژەرانی بەدوای خۆیدا هێناوە، کەبەشێکیان لایان وایە ناشتنی مردوو بەوشێوەیە بەمەبەستی ڕێگری

کردنی بووە لە دووبارە گەڕانەوەی بۆ ژیان، کە ئەوەش مردووەکان بێزاردەکات، وە بەشێکی دیکەیان بەلاساییکردنەوەی شێوەی منداڵ لەسکی دایکیدا دادەنێن و گۆڕ بە هێما و شوێنی دووبارە لەدایك بوونەوەی مرۆڤ دادەنێن، بەلام بۆچوونی یەکەم تاڕادەیەك بەهەند وەرنەگیراوە، چونکە نیاندرتاڵ لە هەمان شوێن مردووەکانی بەشێوەی هەمە جۆر ناشتووە، واتە جگە لە شێوەی چەمانەوە، بەشێوەی درێژکراوی لەسەر پشت یان لەسەرلامردووەکان دانراون وەك لەشانەدەر ئاماژەی پێدراوە، نیاندرتاڵ مردووەکانی خۆی لە هەمان ئەو شوێنە ناشتووە کە تێیدا نیشتە جێبووە، هەربۆیە بە شێوەی چەماوە مردووەکانی ناشتووە لەبەرئەوەی کەمترین شوێن داگیربکات(٢١)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئێسکە پەیکەرانەی کە لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزراونەتەوە ڕێزیان لێگیراوە و تووی چەند جۆرێکی گوڵیان لەگەڵدا دۆزراوەتەوە، ئێسکە پەیکەری شانەدەر ٤، بەناشتنی گوڵ ناسراوە، تووی گوڵ وەک بەڵگەیەکی دانانی بە مەبەستی گوڵەکان لێکدراوەتەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ڕێز لەجەستەی مردوەکان گیراوە لەکاتی مەراسیمی ناشتنیاندا گوڵ پێش کەشکراوە لەسەر گۆڕی مردووەکە دانراوە کە ئەم جۆرە ڕێزگرتنەی مردووەکان تا ئێستاش بەردەوامەو بۆ کاتی ناشتن و پرسە گوڵ پێشکەشی جەستەی مردووەکە دەکرێت یان لەپاش ناشتنی لەسەر گۆڕەکەی دادەنرێت وەیان هۆکاری دانانی ئەم گوڵانە وەك چارەسەرێك بۆ کەسانی برینداو نەخۆش بەکار هاتووە کە یەکێك لە ئێسکە پەیکەرەکانی شانەدەر شوێنی شکانی ئێسکەکانی پێوە دیار بووە(٢٢)، ئەم تۆی گوڵانەش لە تەنیشتی ئێسکە پەیکەری شانەدەر یەك بووە، کە مرۆڤێکی بریندارو خاوەن پێداویستی تایبەت بووە بەمەبەستی چارەسەرکردن و کەم کردنەوەی ئازار بەکار هاتوون، یان جۆرێك لە گوڵەکان ژەهراوی بوون و بوونەتە هۆی گیان لەدەست دانی ئەوکەسە(٢٣).




(وێنەی ژمارە ١)أ/

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٣

ئەشكەوتی شانەدەر ب/ هێڵكاری شوێنی دۆزینەوەی ئێسكە پەیكەرەكان ج/ شێوەی چاڵەكانی هەڵكۆڵین.

Pomeroy E, Other, New Neanderthal remains associated with the Flower Burial at Shanidar Cave, Iraqi Kurdistan. Op,cit., pp. 11-26

## ١-٣چاخی بەردینی كۆنی سەروو (Upper paleolithic):

چاخی بەردینی كۆنی سەروو دواقۆناغی چاخی بەردینی كۆنە و سەردەمەكەی بۆ كۆتا چاخی سەهۆڵ بەندان دەگەڕێتەو كەدەكاتە چاخی سەهۆڵ بەندانی چوارەم و ماوەكەی دەكەوێتە (٥٥–١٥)هەزارساڵی پ.ز.، توێژەران ئەم سەردەمە بەسەرەتای دەركەوتنی مرۆڤی مۆدێرن (هۆمۆساپیێنس) دادەنێن، وەهەروها (ڕالف سۆلكی RALPH S. SOLECKI ) ئەم سەردەمەی ناوناوە سەردەمی برادۆستی، چەند شوێنێكی شوێنەواری لەكوردستان بۆ ئەم سەردەمە دەگەڕێنەوە وەك ئەشكەوتەكانی (هەزارمێرد لە نزیك سلێمانی، پاڵەگەوره لە نزیك چەمچەماڵ، كاوانیان نزیك شەقلاوە) (٢٤) .

**ئەشكەوتی هەزارمێر:** سەبارەت بەهەڵكۆڵینی شوێنەواری ئەشكەوتەكە لەڕابردوودا چەند جارێك هەڵكۆڵینی تێدا ئەنجام دراوە، خاتوو (دروسی گارورد Dorothy Garrod) لە ساڵی ١٩٢٨ كاری هەڵكۆڵینی تێدا ئەنجام داوەو دواتریش لەبەرواری ١١/١١/ ١٩٤٩دەست كراوە بەكاری هەڵكۆڵین بە سەرۆكایەتی (كارل كون) پسپۆڕی بواری ئەنترۆپۆلۆجی لە زانكۆی فلادلفیا، لەدوای ئەوەی چەند پارچە ئێسكێكی ئەشكەتی هەزارمێرد دەبینێت لەشاری بەغداد بڕیار ئەدات بۆ دەسكەوتی زانیاری زیاتر سەردانی ئەشكەوتەك بكات و لەنزیكەوە زانیاری زیاتری لەسەر كۆبكاتەوە، بۆیە لەگەڵ كۆمەڵێك لە شوێنەوارناسانی عیراقی دەست دەكات بەكاری هەڵكۆڵین بەهەڵكەندنی چاڵێكی ٤مەتر درێژی و ٢مەتر پانی مەتری لەدەروازەی ئەشكەوتەكە(٢٥)، لەئەنجامی ئەو هەڵكۆڵینەدا سێ چینی شوێنەواری (A-B-C) دیاری كران،چینی(یەكەم A )، بۆچاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوەو قوڵیەكەی نزیكەی ٤٠ سم، بوو لە خۆڵێكی وشك پێكهاتووە، كە ئێسكی ڕان وباڵ و كەلەسەری مرۆڤی تێدا دۆزرایەوە لەڕوی سەرەوە بەرەوبەشی خوارەوە زیاتردەبوون ،هەربۆیە وایان دانا ئەو كەسانەی كەلێرەدا مردوون نەنێژراون بەشێوەی ناشتنێكی ئاسایی، بەڵكو وادەنرێت لە دوای مردنیان ئێسكەكانیان لە شوێنێكی ترەوە هێنرابن بۆ ئەو شوێنە لەبەر ئەوەی هیچ ئێسكێكی تەواوبوونی نیەبەڵكو بەشێوەی پارچە پارچەن(٢٦)، لەگەڵ ئەمەشدا كۆمەڵێك پارچەی گڵێنەیی تێدا دۆزراوەتەوەكە تارادەیەك نزیك و هاوشێوەی گڵێنەی چەرمۆن

هەربۆیەش وادادەنرێت لە چاخی بەردینی نوێ ئەو خەڵکەی لەو ئەشکەوتەدا ژیابێت هەمان ئەو کەسانەبن کە لە گوندی چەرمۆ نیشتەجێ بووبن و بەهۆی بارودۆخێك و بەشێوەی کاتی پەنایان بردبێتەوە ئەشکەوتەکان و تێداژیابن، سەبارەت بەچینی (دووەم B)، بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و لە دوای قوڵی ٤٠سم دەست پێدەکات تا ٩٠سم ،خۆڵەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت لەڕووی ڕەنگ وجۆرەکەیەوە بە هەمان شێوەی چینی یەکەم ئێسك و پارچەی کۆمەڵێك ئامرازی بەردینی تێدا وەك صوان وپارچەی تەڵزمە بەردی نوك تیژوی تێدا دۆزراوەتەوە، بەچینی (سێیەمC)، بۆ چاخی بەردینی کۆنی سەروو دەگەڕێتەوە و لە دوای قوڵی ٩٠سم، دەست پێدەکات و خۆڵەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و پتەو بەهێز دەبێت و ڕەنگەکەی تاریکتر دەبێت و جیاواز لە دوو چینەکە تر هیچ ئێسکێکی تێدا دەر ناکەوێت،بە هەمان شێوە ئامرازی بەردینی تێدایە وەك پارچەی بەردی صوان و تەڵزمە بەردیینی تیژ کەبۆ برین بەکار هاتوون(٢٧، وەهەر بۆیەش ناتوانرێت لەم ئەشکەوتەدا باسی چۆنیەتی ناشتن و ڕێو ڕەسمی مردووناشتن بکرێت، چونکە پاشماوەی مرۆڤ لەو شوێنانە دۆزراوەتەوە بەڵام تاکوو ئێستا هیچ ئێسکە پەیکەرێکی مرۆڤی تێدا نەدۆزراوەتەوە بە شێوەی تەواوەتی، کە بتواندرێ لە ڕێیانەوە زانیاری لەسەر شێوازی مردوو ناشتن بەدەست بخرێت.

**٢-چاخی بەردینی ناوەڕاست (Mesolithic ):** لە دوای چاخی بەردینی کۆن، بەهۆی بوونی تایەتمەندی و گۆڕانکاری زیاتر سەردەمێکی دیکە سەری هەڵداوە کە بەچاخی بەردینی (ناوەڕاست) ناسراوە، ماوەیەکەی درێژ نیەو لە (١٥٠٠٠- ١٠٠٠٠پ.ز) خایاندووە، لە کوردستان، ئەم سەردەمەش توێژەران لە بەر کەمی کاتەکەی بە سەردەمێکی کاتی و گوێزەرەوەی نێوان هەردوو چاخی بەردینی کۆن ونوێ باسی دەکەن، وە لە چاخی بەردینی ناوەڕاست چەند نیشینگەیەك لە کوردستاندا بونیان هەیە، کە درێژکەرەوەی ژیانی ناو ئەشکەوتەکانن ئەم نیشینگانە کاتی بوون و وزۆربەی جار تەنها لە وەرزی گەرما (هاوین) مرۆڤ تێیاندا نیشتەجێ بووە لەبەرگۆڕانکاری جیاوازی کەش و هەوا کە لەوەرزی زستاندا پەنایان بردوەتەوە ئەشکەوتەکان، کە لە چاخی بەردینی ناوەڕاست هەڵکۆلین و دەر ئەنجامەکانیان باس لەوە دەکەن کە مرۆڤ لەم سەردەمەدا ئامرازو کەرستە بەردینەکانی تا ڕادەیەك بەشێوەیەکی ئەندازەیی و ڕێك وباشتر دروست کردوون، وەك لە ئەشکەوتی زەرزی دۆزراونەتەوە، وە لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بۆ ژیانی ئابوری و بژێویەکانی خۆی زیاتر ڕەنجی کێشاوەو هەوڵی ماڵی کردنی ئاژەڵەکانی داوەبەشێوەیەکی سەرەتایی و هەوڵی فێربوونی کشتوکاڵیێ داوە، وە لە سەر پیشەی ڕاو کردن وکۆکردنەوەی بەرووبوومە کێویەکان بەردەوام بووە(٢٨).

**٢-١ ئەشکەوتی زەرزیZarzi cave :**

دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی بەدووری ٥٠کم ، لەناوچەی سورداش، نزیکەی ١٠ کم لە قەزای دووکان دوورە، مێژووی ئەشکەوتی زرزی بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست (١٥٠٠٠- ١٠٠٠٠) پ.ز.کە هاوتایە لەگەڵ شانەدەر(B)، کە بەشێوەیەك کە لە زۆربەی ئەشکەوتەکانی چیاکانی زاگرۆس ئەم جۆرە نەریتە بۆ دروستکردنی ئامرازە بەردینەکان بەرچاو دەکەون ، کە بە پیشەسازی زەرزی ناسێنراوە(٢٩)، بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٨ز،

لەلایەن خاتوو (دروسی گارود Dorothy Garrod ) پشکنینی تێدا کراوە کە لە ئەنجامدا دابەشکراون بۆسێ چین (یەکەم و دووەم و سێیەم C-B-A) (٣٠)، سەرە ڕای بونی کۆمەڵێك کەرەستە و ئامرازی تێدا دەرکەوت وەك ئەوانەی لە چاخی بەردینی نوێ بۆ کشتوکاڵ کردن بەکار هاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئێسك و شەویلگەی ئەو گیانەوەرە دۆزراوەتەوە کە مرۆڤ ڕاوی کردوون لە جۆری ئاسکی کێوی، بەراز، بزنە کێوی، کیسەڵ، ماسی(٣١)، وە پاشماوە ماددیەکانی مرۆڤ دۆزراوەتەوە لەم ئەشکەوتەدا بەڵام ئیسکی مرۆڤی تێدا نەدۆزراوەتەوە، بۆیە ناتوانرێ هیچ زانیارێک لەسەر جۆرەکان و ڕێورەسمی ناشتن لەو سەردەمە بدرێت بەدەستەوە.

### ٢-٢ نیشینگەی کەریم شەهر:

دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای چەمچەماڵ بەدوری ١٠کم ، بەنزیکەیی ٦٠٠٠م، دەبێت(٣٢)، مێژوەکەی بۆ هەزارەی دەیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، بۆ کۆتایی چاخی بەردینی ناوەندو سەرەتای چاخی بەردینی نوێ وەك قۆناغێکی گواستنەوەی نێوان ئەو دوو سەردەمە بووە(٣٣)، لە ساڵی ١٩٥١ز هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە ٥٠٠ مەتری چوارگۆشە ئەنجامدراوە بەشێوەی چاڵی بچوك لە لێوارێکی بەرزی گردەکە بە قولایی ٤مەتر(٣٤)، شایەنی باسە کەرەستەی بەردینی شێوەی وردو ڕێك، وەك بەردی (صوان)و داسی بەردینی تێدا دەرکەوتووە بەڵامبەهێچ جۆرێك ئیسکی مرۆڤی تێدا نەدۆزراوەتەوە، بۆیە ناتوانرێ هیچ زانیارێک لەسەر ڕێورەسمی ناشتن لەو سەردەمەشدا دیاری بکرێت.

### ٢-٣ ناشتنی مردوو لەگوندی زاوی چەمی:

گوندی زاوی چەمی دەکەوێتە باشوری ئەشکەوتی شانەدەر بەدوری ٤کم، دەکەوێتە ناو چیاکانی برادۆست لە ناوچەی بارزان سەر بە پارێزگای هەولێر، نزیکەی ٤٥٠م، لە ئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە(٣٥)، مێژووەکەی بۆ کۆتاییی چاخی بەردینی ناوەڕاست پێش سەرهەڵدانی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە و هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە دوو وەرزدا لە ساڵانی( ١٩٥٦–١٩٥٧)(١٩٦٠) لەم گوندە لەلایەن خاتوو(ڕۆزا سولکی) کراوە، چاڵێکی هەڵکۆڵینی گەورەی هەڵکەندووە بەپێوانەی ١٢مەتر چوارگۆشەو قوڵی ٣ مەتر(٣٦)، لە ئەنجامی هەڵکۆڵینەکان لەم گوندەدا دووچینی شوێنەواری دۆزراونەتەوە بە(یەکەم و دووەم A-B) ناویان لێنراوە یەکەمیان A بۆ چاخی بەردینی نوێ ودووەمیان B بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێنەوە(٣٧)، بەڕێگای بەکارهێنانی کاربۆنی١٤ (C14)(٣٨)، بەپێی دۆزینەوەی شوێنەواریەکان ئەم گوندە بۆ نزیکەی ١٠٩٠٠ ساڵ پ.ز. دەگەڕێتەوە، وەك ماوەی پێکەوە بەستنی هەردوو چاخی ناوەڕاست و نوێ دادەنرێت(٣٩)، بە پێی ئەو پاشماوە و بەڵگە شوێنەواریانەی کە لەهەڵکۆڵینەکاندا بەدەست هاتوون، بەشێکی مێژووی ئەم گوندە هاوسەردەمی چینی (B1) ئەشکەوتی شانەدەرە، کە بە ئەگەری زۆر ئەم گوندە لەوەرزی هاویندا دانیشوانی ئەشکەوتی شانەدەر تێیدا ماونەتەوە، لەو

گوندەدا چەندین ئێسکە پەیکەیکەر دۆزراونەتەوە ، کەبەشێکیان کەرستەو ئامرازی بەردینییان تێدابووە.

سەبارەت بە شێوازی ناشتنی مردووەکان لە گوندی زاوی چەمی، یەکێك لەو گۆڕانەی دۆزراوەتەوە بیست و هەشت ئێسکە پەیکەری تێدا نێژراوە، وە لە گەڵ ئەوەش گۆڕی تر دۆزراوەتەوە کە لەیەك مرۆڤ زیاتری تێدا نێژراوە، واتە هەر دوو کەس لەیەك گۆڕدا نێژراون، کە ئەمەش جۆرێکی ناشتنی مردووەکان بووە لەسەر یەك و لەیەك گۆڕدا لەشێوەی گۆڕی بەکۆمەڵ، دیواری بەرد لە بەردەم گۆڕەکاندا بە شێوەی کەوانەیی هەبووە، کەبەجۆرێك لە بیروباوەڕی ئایینی تایبەت دادەنرێت(٤٠)، وە ژمارەیەك گۆڕ دۆزرانەوە کە کەلوپەل و ئامرازی ناشتنیان لەگەڵ دانرابوو(٤١)، یەکێك لەگۆڕە دۆزراوەکان گۆڕی ئافرەتە، لەبەر ئەوەی کەرستەی خۆرازادنەوەو ملوانکەی تێدا دەرکەوتووە، وە لە گۆڕێکی دیکەدا، تەڵەزمە بەردێکی صوان دۆزراوەتەوە کە بە بەهۆی ماددەی قیرەوە بە ئێسکێکەوە بەستراوەتەوە، هەروەها سەکۆی بچوکی لەبەرد دروستکراوهەبووە بەشێوەی کەوانەیی دانراون، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ جۆرێک لە ڕێوڕەسمی ناشتن وبیروباوەڕی کۆنترین گوندنشینناندا(٤٢).

**٣-چاخی بەردینی نوێ Neolitihic :**

ئەم چاخە بە سەردەمێکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێت، توێژەران بە سەردەمی بەرهەمهێنانی خۆراک ناویان ناوە، لەم چاخەدا ئامرازو کەرستەی بەردین بەبایەخەوە لەلایەن مرۆڤەوە دروست کراوە، جگە لە فرەیی شێوە و جۆرەکانی، وەکو داس، ئاوەن، تەڵەزمە بەرد، کەرستەی هاڕین ووردکردن، و دەمە تەڵەزمە بەرد کە بە قیر جێگیرکراون، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی پرۆسەکانی کشتوکاڵ و ماڵیکردن، وە گەشەسەندنی ئەم پێشهاتانە پەیوەست بوون بە ڕوودانی گۆڕانی کەشوهەوا کە لە ئەنجامدا یەکەم هەوڵی مرۆڤ لە چالاکییە ئابوورییەکان لە ئەنجامی هاتنی قۆناغی گەرم بوونی زەوی و ئاسایی بوونەوەی پلەی گەرما، هاوشێوەی بارودۆخی کەشوهەوای ئەمڕۆ، مرۆڤ بەرەو نیشتەجێبوون هەنگاوی نا لە کەنار ئاوەکان و ناوچە دەشتاییەکان بە مەبەستی پراکتیزەکردنی ئەم چالاکییە نوێیانە و بەردەوامبوونی ژیان لە هەرێمی کوردستان، شایەتحاڵی سەرهەڵدانی یەکەمی ئەم نیشتەجێبوونە کشتوکاڵیانە بووە، لە سەرەتادا وەرزی و پاشان هەمیشەیی، وەک ئەوەی ئەو پاشماوەی لەوێ دۆزرایەوە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر پراکتیزەکردنی چالاکییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی و سادە، وەک لە بەڵگە دۆزراوەکانی چاندنی گەنم و جۆدا دەردەکەوێت ، سەرە ڕای ماڵی کردنی جۆرەها ئاژەڵی وەك سەگ، بزن، ئاسک، مەڕ(٤٣)، چاخی بەردینی نوێ لەخۆیدا چەند سەردەمێکی تر دەگرێتەوە بەم شێوەیە، چاخی نوێی پێش گڵێنەسازی (PPN) کەئەویش دەبێتە دووسەردەمی تر، سەردەمە بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی و (PPN-A) وە سەردەمی بەردینی نوێی گڵێنەسازی (PN)، ئەم پۆلێنکاریەش شوێنەوارناسان و توێژەران بەپێی تایبەتمەندی سەردەمەکان شێوازەکانی بیناسازی دروستکردنی خانووەکان جیایان کردونەتەوە(٤٤).


**٣-١ گوندی نەمریک:** دەکەوێتە پارێزگای دهۆک و لە باکووری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە(٤٥)، لە ئەنجامی هەڵکۆڵین کە بەچەند وەرزێك ئەنجامدراوە، مێژووی گوندەکە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی (PPN-B) دەگەڕێتەوە، بە هۆی ئەوەی کە کەمترین پارچەی گڵێنەسازی تیدا دۆزراوەتەوە(٤٦)، وەهەروەها ئەو کەرەستانەی بیناسازی کەبەکارهاتوون لە بیناو خانووەکان چەند جۆرێکن وەك ئەو بەردەی لەوشوێنەداهەیە، کە لە قۆناغێکی سەرەتاییی بیناسازیدا بەکارهاتوەو پاشان دیوارەکە بە قوڕوساغ دراوە، وەهەروەها خشتی قوڕی لەسەر بناغەی بەرد بەکارهاتوون، وە نەخشەی بیناسازی خانووەکان شێوازی هێلکەیی و بازنەییە کە تیرەی هەریەکێکیان نزیکەی٧مەتر دەبێت کەلە لەناوچەی سەرەکی هەڵکەندنەکەدایە، لەگەڵ ئەوەشدا بینای خانووی شێوە چوارگۆشەی تێدا دۆزراوەتەوە بەپێوانەی ٦×٨ مەتر لە قوڵایی ٦٠- ٨٠سم، ئەستووری دیوارەکانیان نزیکەی٣٠سم بووە، ژوورەکان بنمیچەکەیان لە کەرەستەی بەردەست لە ناوچەکەدا دروستکراوە، وەکو لقی دار جۆری ڕووەك(٤٧)، لە وەرزی دووەمی هەڵکۆڵینەکان لە ساڵی ١٩٨٧ درێژە بەکارەکانی ساڵی پێشتر دراو ئەنجامی زیاتر خرایە پێش چاو کە بووە هۆی دۆزینەوەی ئامرازی بەردینی گەورە وەك ئاوەن و کەرەستەی بڕین و وردکردن وکونکردن(٤٨)، وە یەکێکی دیکەلەو کەرەستانەی کە دۆزاوەتەوە بابەتە هونەریەکانن لەشێوەی پەیکەری سەری داڵ و سەری مار کەنزیکەی بیست پارچە دەبن بەقەبارەی بچوك، دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی دووەمی نیشتەجێ بوون (P.N) لەنەمریك(٤٩)، وە بوونی ئێسکی ئاژەڵی ئاسك و بەراز بزنی کێوی و ورچ و ماسی وکیسەڵ و هێلکە شەیتانۆکە و لولپێچ ،وە دەرکەوتنی توو و کەرەستەی کشتوکاڵی لە گوندە کەدا،کە داسی بەردینی تێدا دۆزراوەتەوە(٥٠).

**شێوازی ناشتن لە گوندی نەمریك:** لە قۆناغی سەرەتای دروست بونی گوندەکەدا (P.P.N.B) گۆڕەکانیان لە نێوان خانوەکاندا بوون، بەڵام لەسەردەمەکانی دواتر(P.N) لە ژێر زەوی خانوەکان نێژران، وە هەروەها لەبەشی باشوری گوندەکەش لە ژێر یەکێك لەو شەقامانەی کەبەرد ڕێژکرابوو چەند گۆڕێك دۆزرانەوە بەبێ دیاری کردنی ئاراستیەکەیان(٥١)، بە شێکی زۆری ناشتنی مردووەکان بەشێویەك دانرابوون، هاوشێوەی منداڵ کە لە سکی دایکیدا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەنەمریك ناشتنی کەلەسەرەکان لەگۆڕەکاندا بەشێوەی جیا نێژرابوو، کە ئەم جۆرە ناشتنە بۆسەردەمی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی دەگەڕێتەوە، وەك لە گردی بێستانسوور هەمان شێوەی مردوو ناشتن دۆزراوەتەوە(٥٢)، کە بێگومان ئەو شێوە ناشتنە پەیوەندی بە بیرو باوەڕیان ڕێوڕەسمی ئاینیەوە هەبووەبووە، کە بەشێکە لە بیروباوەڕی ئایینی دانیشتوانی گوندەکەدا، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە کەرەستە وئامرازێك لە ناشتی مردووەکان نەدۆزراوەتەوە(٥٣).

**٣-٢ نیشینگەی بێستانسور:**

شوێنێکی بچووکی کراوەیە لەشێوەی گردێکی شوێنەواری بچووك، لەنزیك گوندی بێستانسور، سەربەناحیەی عەربەت، بەدوری ٥کم، و ٣٣کم، لە پارێزگای سلێمانیەوە دورە(٥٤)، لەساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ بەسەرۆکایەتی (ڕۆجیرماتیوس)، وهاوکارەکانی لەزانکۆی (ڕیدینگ) ی بەریتانی دەستیان بەهەڵکۆڵینکردووە(٥٥)، بەپێی ئەو کەرەستەو ئامرازانەی تێید دۆزرایەوە مێژووی شوێنەوارەکە بۆ سەرردەمی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی دەگەڕایەوە(PPN-B)(٥٦).

سەبارەت بەناشتنی مردووەکان لە گردی بێستانسور، لە درێژەی چالاکیەکانی هەڵکۆڵینی تیمەکەی ڕۆجێر لە خانووی ژمارە ٥ ژووری ژمارە ٥٠ دۆزرایەوە پێوانەی ڕوبەرەکەی (٤,٥×٨,٦ )، کە ژمارەیەکی زۆر ئیسك و پروسکی مرۆڤی تێدا دۆزراوەتەوە، لەوەرزەکانی داهاتوو تر(شەشەم)، لە هەمان چاڵی ژمارە ١٠ کارکردن فراوان بوو لە خانووی ژمارە ٥ ژووری ژمارە ٥٠ بە پێوانەی (١٤×١٨)م، لەو ژورەدا جەستەی زۆری مرۆڤ بوونی هەبووە و ژمارەیان نزیکەی ٦٧ کەس بووە، بۆیە وەك ئەو وابووە شوێنوێکی تایبەت بە ناشتن و بیرو باوەڕی ئاینی یان کۆگایەکی ناشتن، یان پێدەچێت شوێنێکی لێکردنەوەی گۆشتی مردووەکا بووبێت (٥٧)، وە شێوازە جیاوازەکانی ناشتن لە بێستانسور ناشتنی سەرەتایی کە کەسەکە دوای مردنی ڕاستەوخۆ نێژراوەو پاش ناشتنی بۆ هیچ شوێنێکی دیکە نەگوازراوەتەوە، وە ناشتنی لاوەکی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت کە مردوویەك چەند جارێك گۆڕانکاری بەسەرناشتنەکەیدا دێت، وەك لێکردنەوەی گۆشت لەئێسکەکان، یان مردووەکە لەشوێنێك نێژراوەو پاشان ئێسکە گەورەکانی گوازراونەتەوە بۆشوێن ناشتنێکی تر، یان ڕازاندنەوەیان بۆ کراوە بەڕەنگی سور، یان کەلەسەری مردووەکە بەجیا نێژراوە، کە هەموو ئەمانەش وایکردووە ئێسکە پەیکەرەکان لە دۆخێکی باشدا نەبن و ناشتنەکانی بێستانسور بەشێکی زۆریان بەشێوەی چەماوە بوون کە سەریان بۆلای ئەژنۆیان چەماوەتەوە و وەك ئەوە وایە دەستیان لەپشتەوە بەسترابێتەوە (وێنەی ژمارە٢) (٥٨).




(وێنەی ژمارە٢) ئێسکە پەیکەرەکانی بێستانسور، ژووری ژمارە ٥٠ خانووی ژمارە ٥، چاڵی ١٠،

Sam Walsh, HUMAN REMAINS FROM BESTANSUR, Op. cit., p 438


**٣-٣ گوندی چەرمۆ:**

هەڵکەوتەی جوگرافی گوندی چەرمۆ دەکەوێتە ١١کم، لەرۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ، وە ٣٥کم باکوری خۆرهەڵاتی شاری کەرکوك، رووبەرەکەی نزیکەی ١٣٠٠٠ مەتر چوارگۆشە دەبێت و نزیکەی ٢٠٠٠ مەتر کاری هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامدراوە و ١٦چینی شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە(٥٩)، وە رووبەرەکە ینزیکەی ١٣,٠٠٠ مەتر چوارگۆشەیەو مێژووەکەی بۆ چاخی بەردیینی نوێ دەگەرێتەوە(٦٠).

بەپێی ئەنجامەکانی هەڵکۆڵین لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨-١٩٥١ کۆمەڵێك ئێسکە پەیکەر کەژمارەیان ١٢ دانە بوون ناسرانەوە بەم شێوەیە،لە چاڵی J-1 لە ژمارەی ئێسکە پەیکەری ناسراوە هێمای S1-S6 بۆ دانرا، وە لە چاڵی J-2 (وێنەی ژمارە ٣/ أ-ب)، ژمارەی مرۆڤی ناسراوە S1-S5 بوو، وە S1 لە نزیك چوارگۆشەی M20 ناسراوەتەوە کە هێمای S1-S6 یان بۆدانرابوو،

